
تەم باراک: دەبێت کورد و هەموو پێکهاتەکان لە سوریا بە رێز و شکۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت



نێردەی دەناڵد ترەمپ وتەیکی سەرکی ئەمریکا دوپاتدکاتەوە کە دەبێت کورد و هەموو پێکهاتەکان لە سوریا بە رێز و شکۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

تەم باراک، نێردەی تایبەتی ئەمریکا لە سوریا لەگەڵ ئەحمەد شەرع، سەرکی سوریا کەبووەوە و رایگەیاند "کەبووەکە بە تاوتوێکردنی دواین پێشهاتەکانی حەلەب و نەخشەگەی داهاتوو".

نێردەی تایبەتی ئەمریکا پەیامەکەی ترەمپی گەیاندوو و دەڵێت "سەرک ترەمپ ئەم ساتەوەختە وەک دەرفەتێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت بە نیشتمانێکی یەکگرتوو کە تێیدا هەموو پێکهاتەکان، لەوانە عەرەب، کورد، دروز، کریستیان، عەلەوی، تورکمان، ئاشووری و پێکهاتەکانی دیکە، بە رێز و شکۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و مافی بەشداریی راستەقینەیان لە حوکمانیدا هەبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، ترەمپ رێزامەندی لەسەر هەڵگرتنی سزاکان دەربڕیوە بەمبەستی "دانی دەرفەتێک بە سوریا" بە ئەوەی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت.

تەم باراک نیگەرانیی قوڕی ئەمریکای بەرامبەر پێشهاتەکانی ئەم دواییەی حەلەب دەربڕی و وتی "ئەو پێشهاتانە وا دەردەکەوێت گەنگەشەی مەرجەکانی ڕێککەوتنامەی ئاداری 2025 بکەن، کە جێگەی نیگەرانییە، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین دان بەخۆداگرتنی تەواو بنوێنن و دەستبەجێ کۆتایی بە دوژمنایەتییەکان بهێنن".

نەردەی تایبەتی ئەمریکا ئامادەیی تیمی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی پیشاندا بۆ ئاسانکاریی گفتوگۆی بنیاتنەر لە نێوان حکومەتی سوریا و هەسەد، بۆ ئامانجی پێشخستنی پرۆسەیەکی یەکگرتنی گشتگیر کە تێیدا "تاکە سوپایەکی نیشتمانیی شەرعی" هەبێت و مافەکانی کورد بپارێزرێت.

هەروەها باراک ئاماژەی بۆ ڕەوی هەسەد لە تێکشکاندنی داعش کرد و ڕایگەیاند، "قوربانییەکانیان ڕەوی سەرکەیان هەبووە لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی بەردەوام دژی تیرۆر".

هەروەها لەبەرامبەردا حکومەتی سوریاش لێو کەبوونەوەیدا پابەندیی خۆی بە ڕێککەوتنامەی یەکگرتنی ئاداری 2025 لەگەڵ هەسەد دووپاتکردووەتەوە.